مونا قەهوەچی: بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان نایاسایی و نادەستوریی بوو

مونا قەهوەچی، جێگری سکرتێری گشتیی پارتی چاکسازیی تورکمان رایگەیاند، وەکو پێکهاتەی تورکمان بەشداری هەڵبژاردنێك ناکەن کە "پێشوەختە دیزاینی بۆ کراوە".

مونا قەهوەچی ئەمە پێنجشەممە لەمیانی لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنوسان، لەبارەی نەمانی کورسی پێکهاتەکان رایگەیاند، "نەمانی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان لە بڕژوەندیی هیچ لایەنێکی سیاسیدا نییە، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان، نایاسایی و نادەستوریی بوو".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانج لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق لێنوبردنی ئەو پێکهاتەیانەی نەوان نەتەوە و پێکهاتەکان بو کە لە هەرەمی کوردستان هەیە.

پەیوەست بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە 10ی 6ی 2024 بەڕێوەبچێت، مونا قەهوەچی وتی، "تا کورسی کێتا نەگەڕێندرێنەوە وەکو پێکهاتەکان و بەتایبەت پارتی چاکسازی تورکمان، بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ناکەین کە پێشوەختە دیزاینی بۆ کراوە".